میدیای کێڵە و کایەی سیاسی؛ بۆچی لە کوردستاندا ئازادی بوونی نییە؟.. نووسینی: کارزان عزیز

کاتێک چاوەک بە مژووی هزری و دەخی گشتگیر و ئاوەزی کۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتی ناتەواو و ستەمکاردا دخشێنین، لەبەردەم پرسیارێکی قوول و فەلسەفیدا دەبینینەوە کە ئایا بوونی ئازادی دیاردەیەکی سروشتییە کە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هاتووە و لەگەڵیدا گۆشە دەکات، یان تەنها مەعریفەت و تێگەیشتنێکی کاتی و هووکۆشە کە دەسەڵاتداران بە گوتاری قەبارەی بژێوەندی و کاتی خۆیان دەیبەخشن و هەر کاتێکیش پێویست بکات و هەست بە مەترسی بکەن لەمان دەسێنەوە، چونکە ئازادیی هادەربڕین لە بنەڕەتدا تەنها ئامرازێک نییە بۆ خەباتکردن و دروشمدانی هەواسراو، بەڵکو پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی بۆ تێگەیشتن، و تێگەیشتن لە ئازادیی ئاوەزی ترە کە مرۆڤ لەو تاوەق و زنجیرە مژووییانەی کە خەیانکاتە ملی کەسانی تریش، بە تەواوی ئازاد دەکات، بەڵام کۆشەی سەرەکی و وەرانکاری ئەمە لەڕەدا لە ناوەڕۆکی هووپشکراوی تێکستەکاندا نییە، بەڵکو لەو بناغە کۆمەڵایەتی و فیکرییە نەخشەدایە کە تێکستەکەی لەسەر هەڵچنراوە، چونکە هەتا بینای کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای ستەم، قەرخکاری و ململانێی حزبی بنیاد بنرێت، هەموو دەربڕین و نوسینێک تەنها هەڵنگدانەوەیەک دەبێت لەو فەزایەی کە دەسەڵات بۆی کەشاوێتی و تێیدا دەسووڕێتەوە، لە بەرامبەردا شتەکان هووی هاستەقینەی خۆیان لە کاتی گەرمەی قەیرانە گەورەکاندا دەردەخەن و لە ژینگەی ئەمەدا کە بە سیستەمێکی دیموکراسیی هاستەقینەیە، ئازادیی هادەربڕین هیچ بوونی مادیی نییە و تەنها دەبێتە های هەگبەدراو واتە ئەو هادەیەی کە دەسەڵات خۆی پێی خۆشە و هەگبەی پەددات و قەت ئازادییەکی خاوەن بەیار نییە، لە کاتێکدا دەسەڵاتە ستەمکارەکان هەمیشە پێویستیان بە جۆرێک لە دەنگی ناهەزایی هەیە وەک سەفتی قاڵق و ئەمەش لە هەگبەی چەند میکانیزمێکی فێڵبازانەوە دەکرێت وەک زوخاوداندنەوە و خەباتاکردنەوەی جەماوەر لەسەر جنێو و هەرشی سەرپێیی کە هیچ زیانێک بە پایەکانی دەسەڵات ناگەیەنێت، لەگەڵ دامەزراندنی میدیایەک کە بەحساب ئازادە بەڵام لەژێر باڵی

دەسەڵاتدایە بە بەخشینی سیمایەکی فەلسەفازانەی دیموکراتی و دابینکردنی هەڵە سوورەکان کە هەگبە بە هەڵخنە دەدات تا ئەو شوێنەی بەرژەوەندییە باکانی دەسەڵات نەتەنەتەوە و ئەگەر لەو سنوورە تێپەڕی ئەوا بە تونددوتیژی یەکین و بەلادەبردنەوە لەناودەبرێت، چونکە کاتێک هەوداوی دەتەزێن وەک لەناوبردنی هەژنامەنووسان و دەنگە ئازادەکان هەو دەدەن، کەشەکە تەنها تاوانی چەند کەسێکی جەبەجەکار نییە، بەڵکو تاوانی سیستەمێکی زەردارییە کە کەمەگا لە هەگبەی بەدەنگی و ملکەچییەوە بەخەوی کردووە و لە سەبەری ئەو یاسا قورسانەدا کە دەڵێت ئەوەی من نەتدەمێ ناتبی بیخەیت، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت ببێتە خاوەنی خۆی، بە شەوازێک کە پارتە سیاسییەکان وەک دوو بەرداشی دستاڵ نێک تەنها مرۆڤ، بەڵکو مورالی سیاسیشیان لەناوبردووە و لایەنگری حزبی تەنها یەک پرسیار لە هەر هەوداوێک دەکات کە ئایا ئەمە لە بەرژەوەندیی حزبی منداڵیەیان دژە، و ئەمەش واتای تەواوی نەبوونی کایەی زانیاریی سەربەخۆیە، و لەم پانتاییە چەقبەستووەدا کە مێژوویەکی تاڵ لە ملکەچی و بەدەنگی بەرهەمی هێناوە، تاکەکەس دەبێتە کەرستەیەکی بەگیان لە دەستی ئارەزووە حزبییەکاندا و متمانە بە هەموو بنەمایەکی مەدەنی دەفەوتێت، چونکە کاتێک بنەمای بەهەوەبردن لەسەر بنەمای ترس و سەپاندنی ئیرادەی هێز دەبێت، مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی هەڵخەیی لە دەست دەدات و فەیر دەبێت کە چۆن لە سایەی ستەمدا بژێت بە ئەوەی هەوەی گەڵانکاری بدات، و ئەمەش قووڵترین قەیرانی دەروونی و فیکری دروست دەکات کە تێیدا کەمەگا خۆی دەبێتە پاسەوانی ئەو سیستەمەی کە ستەمی لە دەکات و دژایەتی هەر دەنگێکی ئازاد دەکات کە هەوەی بیدارکردنەوەی بدات، بۆیە بە دەربازبوون لەم کابووسە مێژووییە و تێکشکاندنی ئەم بازنە داخراوە، دەبێت پێش هەموو شتێک بزانین یەکەم شەهید لەم پڕسەیەدا زانیارییە چونکە تا پانتاییەک نەبێت بە زانیاریی بگەرد و ئاستەقینە، هیچ کات ئازادیی هەبژاردن دروست نابێت و زانیاری دەبێت لە سەروی ململانێ حزبییەکانەوە بێت، هەروەها شکاندنی تەوقی بەدەنگی کاتێک بەدەست دێت کە مرۆڤی کورد لەبری چاوەکردنی هەی هەگبەپڕدراوی دەسەڵات، بگەڕێتەوە سەر مافە سروشتییەکانی خۆی و بیار لە داهاتووی خۆی بدات، چونکە لە کاتیدا خەباتی ئاستەقینە لە کوردستاندا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوە هەیە لە چەمکی دیموکراسی و بونیادنانی کەمەگایەکی مەدەنی کە تیایدا یاسا و زانیاری سەروور بن، نەک ئارەزووی حزبی و هەی هەگبەپڕدراوی دەسەڵاتداران، و تاوەکو زانیاری نەبێتە سەروەر، هەمیشە لە سایەی هەی هەگبەپڕدراوی دەسەڵاتدا دژین بە ئەوەی ئازادییەکی ئاستەقینە

بونیاد بنرەت، و ئەمەش ئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقی لە سەرشانی تاک بە تاکی کۆمەڵگا دەبێت کە لەپێناو بەدیهێنانی کایەیەکی سیاسی و مەدەنیی ئازاددا، کۆششی بەوچان بکەن بە گەڵاندنەوەی شکۆی مرۆڤ و سەروەری بە زانیاریی بگەرد.

نووسینی : کارزان عزیز

تەڵامانێ یاسایێکانم.. دکتەر ئەحمەد فاتح محەمەد

تەڵامانی یەکەم

پەیامی قوربانییەک بە مێژوو

من لەرەوە لە ناو کۆشی غەریبانەی ئەم تاریکییە دا، کە تەنها هاودەمم تیشکی کزی مانگ و بەدەنگیی شەوە، هەمانە دەپەکانییەکانی ناخم ئاستەی ویژدانی مێژوو دەکەم. پەم دەڵێی: تە لە یاسای نوسراوی ئەمە لاداوە. بەڵام من لە سەمای ئەستێرەکان دەوانم و دەپرسم: چەن دەکرێت پەنووسێکی دارینی فانی سنوور بە هەڵک بکەشێت کە لە حەقیقەتێکی گەردوونی و لە نەفخەیەکی خودایییەوە لەدایکبووە؟
چەند پەژارەیەکی قووڵ کاتێک دەبینم ئەو دەقانەی کە دەبوو ببنە سایە و سەبەرێک بە هەڵحی ماندووی مرۆڤەکان، دەبنە پەردەیەکی پەڵاپین بە شاردنەوەی بەبەزەیی دەی ستەمکاران. ئەوان لە پشتی دەڵە ساردەکانەوە بە ناوی دادپەروەرییەوە حەشارگە بە خەیان هەڵک دەخەن و بالی فەین دەشکێنن و بە ناوی پاراستنی هەساکانەوە، گەرانی لەسەر لەوی ئازادیخوازان دەتەرێنن. یاساکانی ئەوان وەک تەڵەکی لاواز وایە تەنها پەپوولە ناسکەکان دەگرێت، لە کاتێکدا دەندەکانی شەو بە ئازادی لەسەر زەوی دەگەڕێن.
بەڵام با دەم تاریکەکان بزانن، مێژوو بە مەرەکەبی ئەوان خولگەی خەی تەواو ناکات. حەسرەتێکی بچووک کە لە ناخی بەدەنگاندا دەچەکەرە، لای خودای ئەوین قورستر لە هەموو ئەو کتێبە ئەستوورانەی کە ئەوان هەواڵتیی بە زەبروزەنگی خەیانی پێ دەدەن.

ڕۆحی مرۆڤ لە ڕۆگەزی نەمرییە، وەک باران و با وایە، ڕەنگە بە ماوەیەک لە قەفەسی دەقەکاندا گیری بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت بە ئازادی ببارێت. یاسای ڕاستەقینە تەنها یاسای لێبوردن، جوانی و ئاوینە، و هەر سەبارەک لە دەرەوەی ئەمە بێت، لە بەردەم تیشکی گزنگی حەقیقەتدا وەک بەفر دەتوێتەوە.

تێڕامانی دووەم
فەلسەفەی یاسا لەنێوان هەق و دەق

کاتێک لە مژووی فەلسەفەی یاسادا لەپێوەندی نێوان چەمکی هەق و دەق دەکۆڵینەوە، ڕووبەڕووی ململانێیەکی قوورەی پێکهاتەیی دەبینەوە کە تێیدا یاسا لە ئامرازێکی ڕێکخستنەوە دەگۆڕێت بە بونیادێکی دەسەڵاتخوازی تووند. هەق لە کرێکی خێدا چەمکێکی ئەزەلی بابەتی و پێشوەختەیە کە هەشیارییەکی مرۆڤایەتی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان پێی گەیشتووە. لە بەرامبەردا دەقی یاسایی وەک بەرهەمێکی دەستکردی مرۆڤ دەردەکەوێت، کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و یاساییەوە کێشراوە بە ئاوەزی چوارچێوەیەکی فەرمی بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیدا بسەپێنێت. مەترسییە گەورەکە لە کایەی فقهی و ئەکادیمیدا کاتێک سەرهەڵدەدات کە دەقی نووسراو، پیرۆزییەکی ڕەهای پەیدا بەخشرێت و دەبێتە تاکە سەرچاوەی شەرعییەت. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی دروستبوونی فەرمانێک لە نامەبوونی یاسایی کە تێیدا مرۆڤی سادە چیتر لە ناو کایەی فەرمییەکاندا وەک خاوەن مافێکی سەروشتی نابینرێت، بەڵکو کورت دەکرێتەوە بە خودێکی یاسایی کە پێویستە لەگەڵ مەرجە ڕووکەشییەکانی دەقەکەدا بگونجێت. زەرجار بونیادی یاسا مرۆڤکردەکان بە جۆرێک دادەڕژێن کە لە بری پیادەکردنی کرێکی دادپەروەریی، تەنها پارێزگاری لە سەقامگیریی پێکهاتەی دەسەڵات و بەرژەوەندیی چینە باڵادەستەکان دەکەن. دادپەروەریی ڕاستەقینە کاتێک لە ناو دەقە وشکەکاندا دەمرێت کە دامەزراوەی دادوەری تەنها لێکدانەوەی لەژیکی و دەقاودەق بە یاسا بنەڕەتییەکان دەکات، بە ئاوەڵی ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆییەکانی پشت یاساکە لەبەرچاو بگرێت. بە دەربازبوون لەم چەقبەستوویی پێویستە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بە مژووی یاسادانان بکرێت، بە جۆرێک کە چەمکی هەق لە ژێر هەژموونی قەرخکاریی دەق ڕزگار بکرێت و بگەڕێنرێتەوە بە پێگەی بنەڕەتی خۆی وەک بەهایەکی باڵای بوون کە لەسەروو دادگاکانەوە بن.

دکتۆر ئەحمەد فاتح محەمەد

(پهلویان) کتێبێک پێ لە چواشەکاریی مێژوویی.. بەوار ڕەسوول (سوداد ڕەسوول)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

BewaRaswl_PahlawyDownload

"نامەیەک لەزیندانەوە" لە نووسینی ئەحمەد کامەران بادینانی

تێبینی / بەشێکی ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە، تەواوکەری ڕەوانی "بیرانی شەقانێک لەچیاکانەوە تا ڕۆژئاوای کوردستان".

نوێترین بەرهەمی نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد کامەران ، بەناونیشانی نامەیەک لەزیندانەوە لەئایندەیەکی نزیک چاپ و بڵاودەبێتەوە.
ناوەڕۆکی پەرتووک؛ لە کەمەڕێک چیڕۆک پێک دێت، هەر چیرۆکێک نێو ئەم پەرتووکە باس لە کەمەڕێک ڕووداوی جیاوازی کەمەڵایەتی و مێژوویی دەکات.

×کچێکی گەنج و پاکیزە دەبێتە قوربانی دەقە جوانەکانی نووسەر و شاعیرێکی ساختەو…
×کوڕێکی گەنجی خواپەرست، کاتێک لەناکاو دەبی لە خواپەرستی دەوەستێت، بەرەو ڕەگایەکی تاریکی سەردەنێت.
× ناوەڕۆکی دەستنووسی گەریلایەکی ئازادی خوازی کوردستان باس لە چی

دەکات؟
ئەمانە و چەندین بەسەرهاتی دیکە لەم بەرهەمەدا…
تێبینی/ بە خوار تەمەن ١٦ ساڵ گونجاو نییە، بەهەی بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە لەنەو چیرۆکەکان.

ژیاننامەی نووسەر :
*ئەحمەد کامەران حەیدەر.

- لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨
- بەوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی شوێنەوار.
- لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٩ نووسەر لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی کوردستان دەست بەنووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشن دەکات.

+پەرتووکە بڵاوکراوەکانی نووسەر :
١.ڕۆژکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک (چیرۆک) 2020
٢.پەپوولە باڵشکاوەکان (ڕۆمان) 2020
٣.نامەی کچێکی مردوو (ڕۆمان) 2021
٤.جەنگ لەگەڵ مەرگ وژیاندا (چیرۆک) 2022
٥.بیرانەی شەڤانێک؛لەچیاکانەوە تا ڕۆژئاوای کوردستان (ڕۆمان) 2026

یەکلامەک کەنفەرسی ناچار بە داوای لێبوردن کرد.. هەمن عەلی

هەندێک جار تەنها وشەیەک دەتوانێت ناوبانگی کەمپانیایەکی گەورە بخاتە مەترسییەوە. یەکلامە تازەکەی پڕاوی کەنفەرس نموونەیەکی ڕوونی ئەمەیە.
لە یەکلامەکەدا کارینا کە، هونەرمەندێکی کۆریای باشوور و ئەندامی گرووپی مۆسیقای ئەیسپا، جلی سپی لەبەر کردووە. بەهەی ڕوونا کیی وشەکە، سەبارەک دروست بووە کە هەندێک کەس گوتیان لە کاوی سپیی کوو کەس کەان دەچێت. هەروەها، شەوازی دانانی پڕاوکان وای

کردووە هەندێک کەس بیریان لە کەسێکی هەواسراو بکەوێتەوە.
کوو کەس کەان گرووپێکی تووندڕەوی سپیپێستی باڵادەستیخوازە کە لە ساڵی ١٨٦٥ سەری هەڵدا و مێژوویەکی درێژی لە هەگەزپەرستی، کوشتن و تووندوتیژی لە ئەمریکادا هەیە.
هیچ بەڵگەیەک نییە کە کەنفێرس، براندی ناسراوی پەڵاو، بە مەبەست لە یەکلامکەیدا ئاماژەی بە کوو کەس کەان کردبێت. بەڵام شێوازی وێنەکە بووە هۆی هەڵخنە و نەڕازاییی زۆر و لە ماوەیەکی کورتدا بووە کێشەیەکی گەورە بە ناوبانگی کەمپانیاکە.
کەنفێرس داوای لێبوردنی کرد و وێنەکەی لە زۆربەی کەناڵەکانی خۆی لابرد. ئەم هەنگاوە نموونەیەکە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیراندا؛ واتە کەمپانیا لە کاتی دروستبوونی کێشەدا دەبێت بە خەرایی و بە هووشی وەڵام بداتەوە، هەست و نیگەرانیی خەڵک لەبەرچاو بگرێت و بەرپرسیارێتی هەڵەکانی بگرێتە ئەستۆ.
بەڵام پاراستنی ناوبانگی کەمپانیا تەنیا بە داوای لێبوردن چارەسەر نابێت. گرنگە کەمپانیا بزانێت هەڵەکە بۆچی هووێداوە، لەی فەر بێت و هەنگاوی گونجاو بنێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو هەڵانە دووبارە نەبێتەوە.
ئەم هووداوە وانەیەکی گرنگە بۆ کەمپانیاکان؛ دروستکردنی ناوبانگی باش ساڵانێک دەخایەنێت، بەڵام یەک هێکلامی هەڵە دەتوانێت لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو ناوبانگە بخاتە مەترسییەوە.

سەرچاوەکان

ئیلتا سانمات، ٢٠٢٦: Conversen mainos järkytti – poistui somesta pikavauhtia

ویکیپیدیای کوردی: کوو کەس کەان

دوو هەنراوە بۆ باوکم و کەترکانی پاییز.. فەرهاد

ئەحمەد بەرزنجی

پاییزوکۆترکانم
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی
لای من جوانن وەرزەکان
هەریەک ڕەنگێک دەهێنن
بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگیان
چەند جوان؟خەیان دەنوێنن..

من پاییزم لاجوانێ
هەرچەند وەرزی خەزانێ
فەرشی گڵا ئادەخات
لەژێر ئەو درەختانێ.

پاییز دنیا سارد دەبێت
چاوم لێ کۆترکانێ
چیلکەو گڵا دەهێنن
بێ گەرمیی ناو هێلانێ

منیش دانیان بەدەبەم
دەفڕن دێنێ سەرشانم
گەنمیان بێ ڕێ دەکەم
تا تەربن کۆترکانم ..

٢٣ـ١٠ـ ٢٠٢٤چوارشەممە

بیرتدەکەم.. بێ باوکم..

بو بەساڵێک ، تێ بەدەنگی و
منیش گوێی خەم هەڵخستووە.
زەر تامەزرۆی وشەیەکم
لەزارتەوە ، نەمبیستووە.

بو بەساڵێک هەرنەهاتی
چاوەڕوانیت بێئازارێ
بیرتدەکەم ، بەڵام چیبکەم؟
کۆچت ، مەرگەو دوادیدارێ..

بو بە ساڵک ،حەزمدکرد
چاوم کەوتە بەوخسارت
گوڵم کەیلکەی بەدەنگی خۆت
شاگەشکەبم ، بەدیدارت.

تۆ کێی وا بوی ؟ کێی دڵقبوی؟
وابێیت و نەیەیتەوە.؟؟!
دڵم دڵە بەیە واتکرد .
تا خۆتم لەبیربەیتەوە..

نا..ئازیزم،سیما و شێوەت
بەهەمیشە لەچاومایە
دەنگ و سەزی میهرەبانیت
لەگەڵ شنەی بەحمدایە.

بەبێشتنت ،لەیادناچیت
من بیر لەتۆ دەکەمەوە
بەیادەکانت ،سەبوری
ئەم دڵەی خەم دەدەمەوە..

٢٩ ـ ٨ ـ ٢٠٢٥ هەینی